کەشناسی هەرێم: لە زەربەی ناوچەکانی هەرێم بارانبارین بەردەوام دەبێت

کەشناسی هەرێم رایگەیاند، ئەمڕۆ لە زەربەی ناوچەکانی هەرێم بارانبارین بەردەوام دەبێت و لە هەندێک شوێن تەرزەی لێگرتووە دەبێت.

ئەمڕۆ شەممە ٥ـی نیسانـی ٢٠٢٥، کەشناسی هەرێم لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆکرد، لە ئێنجامی کاریگەری نزمە پاڵەپەستی دەریای سوور شەپۆلێکی باران بارین و هەورە تریشقە لە بەشێک لە ناوچەکانی گەرمیان دەستیپێکرد.

هەروەها، لە کاتەکانی بەرەبەیانیشەوە کاریگەرییەکەی درێژ بوونەتەوە بە سەر ناوچەکانی دیکەی گەرمیان و هەڵەبجە و کەرکووک و سلێمانی و پاشان هەولێر و دهۆک تەوای ناوچە شاخاویەکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

باسی لەوشکردووە، شیوازی دابارین هەندێک جار دگۆڕێت بە بارانی بەڵەزمە و هەورە بروسکە (لێناویشیاندا سێنتەری پارێزگاکان) و بەهێی ئەوەی لە وەرزی بەهاریشداین هەندێک جار لە هەندە ناوچە تەرزەشی لێگەدا دەبێت.

ئەوشی خستەووە، خرایی با لە سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان زیاتر دەبێت و پلەکانی گەرما ٣ بۆ ٥ پلە نزم دەبێتەوە.

کەشناسی پێشبینیشی کردووە، شێپڵەکە لە درێنگانی ئەمشەو کۆتایی بێت.

هەرەها، رێژەی بارین لە هەولێر کەمترین رێژە بووە کە رێژەی ٠.١ بووە و لە هەڵەبجە زۆرترین رێژەی بارین هەبووە کە رێژەکەی ١٢.٣ بووە، هەرەها لە رێژەی بارین دهۆک ١١.٨ هەبووە و لە سلێمانیش ٥.٧، لە کەرکوک ٠.٨، و حاجی ئۆمەرانیش ١٢.٢ بووە.

بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بۆ پلەی سیلیزی

هەولێر : ٢٥ پلەی سیلیزی

سلێمانی : ٢٢ پلەی سیلیزی

دهۆک : ٢٣ پلەی سیلیزی

کەرکوک : ٢٧ پلەی سیلیزی

زاخۆ ٢٤ پلەی سیلیزی

هەڵەبجە : ٢١ پلەی سیلیزی

سەران : ٢١ پلەی سیلیزی

حاجی ئۆمەران : ١٦ پلەی سیلیزی

گەرمیان :٢٩ پلەی سیلیزی